# هەندرێن :

## کاتێك هەزاران گەنج رادەپەڕن و سیمبولی شارەکانی خۆیان دەڕوخێنن ئەوە پەلاماردانێکە بۆ ناخی دەسەلات، چونکە لەڕووی کۆمەڵناسییەوە سیمبولەکانی ناو شار سیمبولەکانی ئەو دەسەلاتە بەرجەستە دەکەنەوە کە بالادەستە

ئامادەکردنی هەردی مەهدی



● بەهۆی ئەو رەخنەو مامەلانەی دەسەلاتی کوردیو ئەو رەخنە زۆرانەی ئاراستەی دەکرێت، رەنگە زۆرترین پرسیاری لای رۆشنبیرو توێژی هۆشیارو تەنانەت لای هاولاتییانیش دروستکردووە، چونکە سەرەڕای نەتوانینی دەسەلات بۆ خوێندنەوەو مامەلە لەگەڵ رووداوەکانی وەك خۆپیشاندانەکان، بەلکو بە گێرەشێوێن و خائین لەقەلەمدەدات، بەلکو خۆپیشاندانەکان ئەنجامێکن کە لە میانی هەلوێستو پرۆسەکانی دەسەلاتو پەراوێزخستنی هاولاتییانەوە بەرهەمهاتن، هەروەك لە دروشمو تورەیی هاولاتییانو نەوەیەکی تورەدا دەخوێنرایەوە. بۆ خوێندنەوەی ئەم دیاردەیەو روانینێکی وردتر لە روانینی دەسەلات لە خۆپیشاندانەکان، نووسەرو رۆژنامەنوس، (هەندرێن) کە ماستەری لە مێژووی هزردا بەدەستهێناوە لەبارەی پەیوەندییەکانی دەسەلاتو جەماوەرو خوێندنەوەکانی دەسەلات بۆ رووداوو نارەزاییەکان ئاماژەی بەوە کرد "هەستدارییەکی سەیرم بەرامبەر دەستەواژەی (دەسەلات) هەیە کە بنەمای سەرچاوەی هەموو پرسیارەکانی ئێوەیە. بۆ زانینیش من ئەوە یەکەمجارە رووبەڕووی پرسیارێکی بەرهەستی وەك گەنج دەبمەوەو، هاوکاتیش بەهۆی بە باوکردنو لەباربردنی ئەو بابەتەوە، حەزمنەکردووە بەشداریی ئەو بەهەدەربردنەی وشە بکەم. دەخوازم بلێم ئێمە کاتێك لەسەر پرسگەلێکی گەوهەری دەدوێین، دەبێت دەست بە دەربڕینی دەستەواژەکانەوە بگرین، چونکە ئەوە زمانە کە خواستو ویست، گەوهەرو بەهای ئاوەزی ئێمە نمایشدەکات، کەواتە پێناسەکردنی ئەو حکومەتە ئالۆزەی کوردستان بە (دەسەلات)، ئاستەنگێکی زمانەوانییە، چونکە ئەمڕۆ لە ئاستی تیۆرییو واتاییەوە، دەستەواژەی (دەسەلات) وەك خۆی پێناسەو رەهەندگەلی پێناسەکراوی جیاوازی خۆی هەیە، کەچی ئەو دەستەواژەیە لە ناوکۆیی کۆنتێکستی سیاسیی، یان لە جیهانی زمانی کوردیدا، پێناسەیەکی دیاریکراوی نییە، یان پڕگرفتە، یاخود تەنیا بەو هێزە دەوترێت کە بە ناوی حیزبەوە چەکدارو هێزی ماددیی هەیە، بەکورتی لێرەدا دەکرێت بلێین: (دەسەلات) بریتییە لە کۆی پەیوەندییەکانی گوتاری خۆیو تیۆرە جڤاتییەکان. دەسەلات واتا: گوتارێکی رۆشنبیریی، شێوازی زمانێك، سیستەمێکی سیاسیی خاوەن یاسا، کۆمەلایەتی، ئابووری، سەروەریی نەتەوەیی، بەرپرسیارییەکی ئێتیکیی بەرجەستەکراو.. هتد، لێرەوە ئەو شتەی کە لە باشووری کوردستاندا بە ناوی (دەسەلات) ناودێر دەکرێت، لێوانڕێژە لە ئاستەنگی ئەو بنەما زمانەوانییە". چونکە بەبڕوای هەندرێن "لە کوردستاندا چەندان (هێز)ی سەربازیی، ئایینیی، نەریتگەرایی، خێلگەرایی، کەسگەلێکی کەلەگاو.. هتد، هەن کە جلەوی کوردیان بەدەستەوەیە، کەچی ئێمە لە ئاخاوتنو نووسینەکانماندا ئەو هەموو هێزە رەمەکییو نەریتەگەرایە حوکمڕانە لێکترازاوە عەنتیکانە بە (دەسەلاتی کوردی) ناودەبەین". ئەو پێیوایە جگە لە دەسەلاتی حیزبەکان، دەسەلاتێکی تریش بووتە ئاستەنگ "لە کوردستاندا وێڕای دوو حوکمڕانیی حیزبی، سوپایەك لە دەمڕاستی ئایینییو خێلەکیمان هەیە، کە هیچ زمانو دەستوورو یاسایەکی دانپێنراومان نییە تاکو وێنایەکی دیاریکراومان لەبارەیانەوە هەبێت". لەبەرئەوە دەلێت "(دەسەلات)ی کوردی هەر لە بنەڕەتدا نەك هەلگری خولیایەك نییە بۆ خوێندنەوەی خۆپیشاندانو داواکانیان، بەلکو رەتکەرەوەی هەموو بەرتەکێکی لە هەمبەر جەماوەر، یان گەنجگەلێك، دەخوازێت بە شێوازو رێگای جوودا گفتوگۆیان لەگەلدا بکاتو مافەکانیان دەستەبەربکاتەوە، لێرەوە (خوێندنەوە)ی (دەسەلات)ی کوردی بۆ دیاردەی خۆپیشاندانەکانو نارازاییبوونی جەماوەرو گەنجان، تەنیا لە هەولی ئەوەدا بووە، وڕێنەی غەریزەکانی بسەپێنێت، نەك گوێ بۆ هاواری گەنجانو هۆکردەکانی تووڕەبوونی بگرێت".

سەبارەت بە خوێندنەوەکانی دەسەلات بۆ گەنجان، هەندرێن دەسەلات بە کەمتوانا دەزانێت لە خوێندنەوەی دروستی کێشەکان "ئەو دەسەلاتە بەناو بانگەشەی بۆ دەکات، بۆ نموونە: ئەگەر مرۆڤی هۆشیار سەرنجبدات، کە نوێنەرانی ( دەسەلات)ی کوردی لەسەر دیاردەی خۆپیشاندانو کۆچی گەنج بۆ هەندەرانو گەندەلییە رەگئاژۆییەکانی حکومەتی

کوردی قسەدەکەن، هەمیشە چەند قسەیەکی راشکاویان هەیە، ئەویش (گەنجی کوردی تەمبەڵە)، (پرۆژەی نییە)، (هەستی نەتەوایەتی نییە)، (بە فیتی دەرەکی تێکدەری دەکات)... قسەگەلێکی لەم تەرزە، کە ئەوپەڕی نەزانیی چەواشەکاریی و تەڵەکەبازیی دەسەڵات جەختدەکەنەوە، چونکە نارەزایی گەنج و هاتنەسەرشەقام بە دژی رەوشێك لەوپەڕی سادەییدا، هۆکردی نادادپەروەریی و بۆشاییە قووڵەکانی دەسەڵات رادەگەیەنێت".

هەندرێن ئاماژە بەوە دەکات گرفتی نەبوونی بەرپرسیارێتی هەیە لە دەسەڵاتدا "ئەو حیکایەتانەی (دەسەڵات)ی کوردی، جەختکردنەوەیە لە گرفتی نەبوونی بەرپرسیاریەتییەکی ئێتیکی، غیابی یاسا، دەستوور، دابەشکردنی ماف و ئەرك، سیستەمێکی نۆژەن و بروا پێکراو لەنێوان جەماوەر و حیزبی کوردیدا، لەنێوان نوێنەر و هاولاتییاندا، دەسەڵاتی کوردی چونکە خۆی بە پیرۆز و تاپۆیەك دەزانێت، بۆیە هەوڵیداوە وەك کفر و ناماقوڵییەك ئەو خۆپیشاندانانە وێنابکات، سەرچاوەی ئەو جیهانبینییەش، بۆ روانگە ئایینیی و شارەگەزەکانی خێڵ دەگەڕێنەوە، نەك بنەما سەرەتاییەکانی دەسەڵاتی مەدەنی".

ئەو ئاماژە بە نامەدەنیەتی دەسەڵات دەکات، بەوەی رەگی لەناو خێڵ و نەریتە دواکەوتووەکاندا داکوتاوە "سەرچاوەی ئەم قسە بێکردارانەش، بۆ ئەخلاقی دەسەڵاتێکی تاکڕەوی لەخۆبایی خێڵکی دەگەڕێتەوە، کە هەوڵدەدات بەو قسەیە سۆز و رووژێن و دەستبەسەرداهێنان و بەزەییپێهاتنەوە کۆیلەکانی هێوربکاتەوە. ئەو دەسەڵاتە لە بیری ئەوەدا نییە سەرنج لەو نەوە گەنجەی کورد بدات، کە بەرهەمی راپەڕینی ١٩٩١ و ئاکامگیرییەکانی ئەو نائومێدییانەن کە بوونە بەرهەمی دوای راپەڕین. هەربۆیە تووڕەییەکانی ئەو گەنجە هەتا دێت بەرەو فراوانبوون دەچێت. کاتێك بە روانگەی کۆمەڵێك دەستەواژەی هاوسەردەم و نامۆ بە زمانی کوردی، گرفتەکانی کۆمەڵگای کوردی دەخوێنینەوە، دواجار قسەکانمان لە هەوادا دەمێننەوە". هاوکات ئەو لەبارەی ئەو زمانەی کە بەکاردەهێنرێت بۆ شیکردنەوەی دەسەڵات و کۆمەڵگە دەڵێت "ئەو زمانەی ئێمە پێیەوە دەپەیڤین لە پەیوەندییەکانی زمانی دەسەڵات و جڤاتی کوردی، بەرهەمنەهاتووە، بەڵکو لە جیهانێکی ترەوە هاتوون کە لەگەڵ پێکهاتی ئەو بەناو دەسەڵاتەدا، نامۆیە. لێرەوە من بڕوام وایە نە (دەسەڵات) لە ناکۆکییەکی مێژوویی و کۆمەڵایەتیی کوردییەوە ئەو خۆپیشاندان و نارەزاییانەی جەماوەر و گەنج دەخوێنێتەوە، نە زۆرینەی نووسەری کوردیش، چونکە ئێمە وێڵین لەناو ئەو دەستەواژەو تیۆرییە قەبانەی کە هێشتا لەنێوان زمانی خۆپیشاندەران و دەسەڵاتدا خەملیو نییە، بەمجۆرە وەك دەزانین ئەو دەسەڵاتە حەزی لە قسەی (مەدەنی)یە، کەچی ناتوانێت (مەدەنییانە) بیربکاتەوە و کاربکات، حەزی لە قسەی (دیموکراتی)یە، کەچی گاڵتەی بە مافی هاولاتی و تاکەکەس دێت... نووسەری کورد زارقەرەباڵغە بە ناوبردنی فەیلەسوف و تیۆرییەکان، کەچی ناتوانێت ئەو تیۆرییانە لە وشەوە بکاتە کردی ژیان، لە کۆتاییدا دەکرێت بپرسین: ئاخۆ ئەو دەسەڵاتە هەتا ئێستاش خوێندنەوەیەکی قووڵی بۆ خەونەکانی خۆی و ئایندەی ئەو هاوپەیمانییە رووکەشەی نێوان خۆی و ئەمریکاو دەسەڵاتی بەغدا کردووە؟!".

لە هەندێك لە خۆپیشاندانەکاندا، سیمبولەکانی نەتەوەش خرانە ژێر تووڕەییەوە، بەدەر لەوەی کە ئەمە کارێکی لەوشێوەیە بێت کە دەسەڵات پێیدەڵێت گێرەشێوێنی و خیانەت، لەوبارەیەوە هەندرێن لەسەر ئەوە جەختدەکاتەوە کە "ئەو دەسەڵاتە لە روانگەی ئێتیکی نەتەوایەتییەوە، سەیری ئەو سمبولانە ناکات؟!، بۆ نموونە: وەك بەهایەکی پیرۆزی حیزبەکەی خۆی سەیری مۆنۆمێنتی هەڵەبجە دەکات، پەلاماردانی ئەو سمبولانە لەلایەن هاولاتییانەوە، لە رووی دەرەکی و ناوەکییەوە، ریسواکردنی سەرچاوەی دەستکەوتە مەعنەوی و مادییەکانی دەسەڵات رادەگەیەنێت. کاتێکیش هەزاران گەنج و خەڵکی نەداری کورد بە رووی ئەو رەفتارانەی دەسەڵاتدا رادەپەڕن و سمبولی شارەکانی خۆیان دەڕووخێنن، ئەوە راستییەکی بەڵگەنەویستە کە ئەو دیاردەیە نەك هەر (گێرەشێوێنی)و (خیانەت) نییە، بەڵکو ئەوە پەلاماردانێکە بۆ ناخی دەسەڵات، چونکە لە رووی کۆمەڵناسییەوە، سمبولەکانی ناوشار، سمبولەکانی ئەو دەسەڵاتە بەرجەستەدەکەنەوە کە بالادەستە، هەربۆیە لە هەموو جیهاندا کاتێك جەماوەر بە رووی دەسەڵاتدا رادەپەڕێت، پەلاماری سمبولە زەقەکانی ناو شار دەدا، کە ئەمەش واتای پەلاماردان و ریسواکردنی دەسەڵات خۆیەتی، بۆ نموونە: کاتێك دەسەڵاتی دانیمارکی بڕیاریدا سەنتەرێکی گەورەی گەنجان لە کۆبنهاگن دابخەن، گەنجان رژانە ناو شەقامەکان و پەلاماری تەواوی سمبولەکانی دەسەڵاتیان داو هەتا ئێستاش ئەو رابوونەی گەنجان بەردەوامە". بۆ تووڕەیی گەنجانی کوردیش، هەندرێن وتی "دوای ئەوەی زۆرینەی گەنجی کورد لەوە تێگەیشتن کە ئەو سمبولانە بەهای یادەوەریی ئەوان و کۆستی شارێکی وەك هەڵەبجە بەرجەستەناکەنەوە، ئیتر لەپێناوی گێڕانەوەی ئەو بەهایە یادەوەرییانەوە بوو پەلاماری ئەو سمبولانەیان دا، کە توێژێکی گەندەڵی حیزبران، بازرگانیی پێوەدەکەن. بەمجۆرە دیاردەی پەلاماردانی سمبولەکان لەلایەن گەنجی راپەڕیوی کوردەوە، رێگەخۆشکردنە بۆ سەرهەڵدانی هێرشێکی کوشندە بەرەو ناخی ئەو دەسەڵاتە حیزبییەی کە ئەمڕۆ بە پێکهاتە گەندەڵییەکەی خۆی و ئامادەییە سەربازەکانی ئەمریکاوە سەرمەستە. ئەو دەسەڵاتە هەروەك پێیوایە ئەو دۆخە دەرئاوێتەیە، ژیانێکی ئەبەدیی بۆ ئەو مەیسەرکردووە. کێشەی حیزبی کوردی".

هەندرێن باس لە قەیرانی حزبی کوردی و رەگەکانی بەعسیزم دەکات "لەناویاندا کێشەی حیزبی کوردیی ئەوەیە، جا بەئاگاو بێت، یاخود بێئاگا، هێندەی لاسایی رەفتارکانی رژێمی سەدام دەکاتەوە، هێندە بیر لە چارەنووسی کۆتایی ئەو رژێمە ناکاتەوە، هەربۆیە ئەو رەفتارە، کەڵەگایی و حیزبرانییەی کوردستان ئەگەر بەمجۆرە قسەگەلێکی وەك (مەدەنی)، (دیموکراسی)و (بانگەشەی هەڵبژاردن) لە بانگەشەوە نەکاتە کردە، ئەوا لە داهاتوودا ئەو نەوە گەنجە ژیانی ئایندەی خودی ئەو دەسەڵاتەش دەخاتە ژێر چەپۆکی خۆیەوە، چونکە ئەوەی کە هێزی چەوساوەو پشتگوێخراوی گەنجی کۆمەڵگا رێکدەخات، خودی رەفتارە چەواشەکار و پێشێلکردنی مافەکانی خەڵکە لەلایەن دەسەڵاتەوە خۆی رادەگەیەنێت، هەربۆیە من وایدەبینم هەتا دەسەڵات بەردەوام بێت لە پێشێلکردنی ماف و سمبول و بەها شۆڕشگێڕیی و رۆحییەکانی جەماوەری کوردستان، ئەوە لە داهاتوویەکی نزیکدا، ئەو دەسەڵاتە بە خۆی و سیمبولەکانیشی دەبنە مێژوویەکی ریسواکراو".

پرسیارێك دێتە ئاراوە: دەسەڵات بۆچی ئەوەندەی لە خەمی سمبول و گۆڕەکان و پیرۆزگەرایی سمبولەکان و رووخسارەکانەوەیەو لەوەی کۆڵییەوە، ئەوەندە لە خواست و ناوەرۆکی خۆپیشاندانەکان نەکۆڵییەوە، لە کاتێکدا سووتاندنی مۆنۆمێنت و رەمزەکان، ئەنجامە نەك هۆکار و گێرشێوێنیی گەنجیش، هەندرێن هۆکارەکەی روندەکاتەوە "چونکە حیزبی بالادەستی کوردی، هەموو هەوڵەکانی لە رازاندنەوەی رووخسارە دەرەکییەکانیاندا چڕکردۆتەوە، چونکە ئەو دەسەڵاتە هەموو خەمەکانی ئەوەیە لە دەرەوە قەبوڵبکرێت، ئەو دەسەڵاتە هەڵگری پرۆژەیەکی نەتەوەیی و جڤاتی نییە، چونکە هەست بە لاوازی ویستی خۆی دەکات، بۆیە لە خەونی ئەوەدایە بە ئارایشتکردنی رووخسارەکانی خۆی، رەزامەندیی

زهێرە دەرەکییەکانی خۆی مەیسەربکات، هەربۆیە جێگەی سەرنجە ئەو دەسەڵاتە رۆژانە خەریکی داوەتکردنی میوانە بیانییەکانە، ئەمەش بەشێکی جۆرە سوالْکردنێکی دەسەڵاتە لە هێزە دەرەکییەکان. هاوکاتیش ئەو دەسەڵاتە کاتێك بەوپەڕی نەرمییەوە رووخساری خۆی بۆ هێزە دەرەکییەکانی خۆی پیشاندەدات، کەچی کەڵەگاییانە وەڵامی داخوازیی‌و تورەییەکانی گەنج‌و هەژاریی کورد دەداتەوە، بەهەرحاڵ ئەو دیاردانە مایەی لێکۆڵینەوەو راڤەی سەنجراکێشن، لێ مەخابن هێشتا نووسەری کورد لەو ئەرکانە دەستکورتە، بۆ نموونە: سەیری ئەو دروشمانە بکەن کە هەموویان دەلالاتی رووخسارپەرستی دەگەیەنن، حکومەتەکەمان نموونەی دیموکراتییە، کەچی بێبەریین لە بنەمایە سەرەکییەکانی بەهای دیموکراسی.

زۆرکات دەسەڵات سەرمەستییەکی رادەبەدەری بۆ دەسەڵاتە گەورەکان هەیەو بە نموونەی باڵاو خزمەت‌و منەت بەسەر جەماوەردا دەیبەشێتەوە، لەوەی کە دەوڵەتە بەهێزەکان سەرکردایەتی سیاسیی کورد بەهەند دەگرن، هەندرێن لەوبارەیەوە رەخنەی خۆی وا باسدەکات "چەواشەکارترین پرۆسەی مەدەنی لە کوردستاندا لەئارادایە. جێگەی سەنجە، ئەو دەسەڵاتە کوردییە بەوە سەرمەستە کە سەرۆکی حکومەتی کوردستان لەگەڵ جۆرج بوش بە جلی کوردییەوە دانیشتووە، گوایە بوشی بابەگەورە بەوە مافە نەتەوایەتییەکانی بە ئێمە بەخشیوە، هاوکاتیش دەسەڵات پێیوایە کاتێك سەرۆکی عێراق لە کۆبوونەوەیەکی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بە کوردی دوو قسەی کرد، ئیتر ئەو رێکخراوە دانی بە کورددا ناوە. ئەوە دەسەڵاتە بە بانگەشەیەکی بێوێنە لە مافی ژن‌و بە گەرەکێك لە رێکخراوی بەناو ژن-ئافرەتان سەرگەرمی کردووین، چەواشەکارترین پرۆسەی مەدەنی لە کوردستاندا لە ئارادایە، کەچی هیچ کاتێك وەکو ئەمڕۆ ژنی کورد سووکایەتی پێنەکراوە. رەنگە خۆپیشاندان‌و تورەبوون دەروازەیەکی گونجاو بێت بۆ گەیاندنی پەیام بە دەسەڵات، لەکاتێکدا هەموو رێگە هێمن‌و ئاساییەکان گیراونەتەبەرو بێوەڵام بوون، ناوبراو لەبارەی ئاساییبوونی ئەم حاڵەتەو ملنەدانی حکومەت بۆ جەماوەر دەدوێت، دەسەڵاتێك نییە بەئاسانی مل بۆ هەموو خواستەکانی جەماوەر کەچبکات، دەسەڵات هەمیشە نادادپەروەرە، چونکە پەیڕەوکردنی دادپەروەریی بە دژی خۆیەوە تەواودەبێت، ئەوەندەی من لە ئەزموونی رۆژئاواوە فێربووم لە زۆر بواردا ئەگەر دەسەڵات هەست بە ترسی جەماوەر نەکات، ناخوازێت خواستەکانیان مەیسەربکات، بەتایبەتیش کاتێك دەسەڵاتێك خۆی سیناخ بێت بە گەندەڵی، ئاسان نییە بە چەند خۆپیشاندانی هێمنانەوە وەڵامی گەنج بداتەوە".

هەندرێن نموونەی وڵاتێکی مۆدێرنی وەك سوید دەهێنێتەوەو ئەزموونێکی خۆی باسدەکات "خۆم لە سوید بەشداریی توندوتیژترین خۆپیشاندانی گەنجانم کردووە، لەکاتێکدا وڵاتی سوید لەچاو زۆرینەی وڵاتانی رۆژئاوا، خاوەنی نەریتی خۆپیشاندانی توندوتیژیش نییە، بەڵام چەند ساڵ لەمەوبەر چەندان جار گەنج بە دژی بڕیاری دەسەڵات بە کەمکردنەوەی خزمەتگوزاریی لاوان‌و داخستنی چەند هۆڵێکی گشتیی گەنجان، چەندان شەقامی سەرەکیی نێو شاری ستۆکهۆڵمیان داگیرکرد. ئەوەی لەپشتی ئەو گەنجانەوە بوو، رێکخراوێك بوو بە ناوی (کۆنترۆڵکردنی شەقام)، کە لە زۆرینەی وڵاتانی رۆژئاوا بوونی هەیە، ئەوان ماوەماوە کە دەسەڵات کارێك بە دژی خواستەکانی گەنج، یان خزمەتگوزارییەکانی کۆمەڵ دەکات، هەرچی کۆگاو شوێنی بازرگانییە پەلاماری دەدەن. هاوکاتیش بۆ نموونە: لەکاتی دەستگیرکردنی عەبدوڵڵا ئۆجەلاندا، کوردانی باکوور دەستیان بەسەر چەندان بارەگای دەسەڵات لە شارەکانی سویددا گرت‌و چەندان بەرپرسی حیزبی حاکمی ئەو کاتەی سویدیان بەدیلگرت، کە خۆم لە یەکێکیاندا بەشدار بووم. ئەوکات دەسەڵاتی سوید ئەو کارانەی کوردانی باکووریان بە تیرۆریستی لەقەڵەمداو ئەو مەسەلەیە میدیاکانی سویدی تەنییەوە، بەڵام رۆژنامەنووسێك راپۆرتێکی درێژی لەسەر رەوایەتی ئەو کردەوەیەی کوردانی باکوور لە رۆژنامەیەکدا بڵاوکردەوە، ئەو رۆژنامەنووسە لەوێدا باسی ئەوەی کردبوو کە زۆرێك لەو کەسایەتی‌و رێکخراوانەی کە ئەمریکاو زۆرێك لە وڵاتانی جیهان بە تیرۆرستیان لەقەڵەمدەدان، کەچی لە دواجاردا ئەو رێکخروانە بوونە نوێنەری دانپێنراوی وڵاتەکانیان. ئەو رۆژنامەنووسە باسی زۆر لەو رێکخراوو کەسایەتییە ناسراوانە دەکات کە بوونە سەرۆکی‌و دەسەڵاتی وڵاتەکانیان، لەوانە نموونەی ماندێلاو یاسر عەرەفات دەهێنێتەوە، ئەو راپۆرتە کاریگەرییەکی زۆر لەسەر خوێنەری سوید دروستکرد، نموونە زۆر زۆرە لەسەر ئەو پرۆسەیەی ئێوە، بۆیە ئەو دەڵێت: مافی گەنجی کوردە بۆ دەستەبەرکردنی مافە رەواکانی خۆی پەنا بۆ هەموو شێوەیەکی رووبەڕووبوونەوە ببات، کاتێك حیزبی کوردی کردەی توندوتیژی بە زیانبەخش دەزانێت، کەواتە دەبێت ئەویش رێز بۆ شێوازە هێمنەکانی گەنجانی کورد دابنێت، بەڵام کاتێك گەنج لەوە تێگەیشت کە (دەسەڵات)ی کوردی بە قەدەغەکردنی خۆپیشاندان دەیەوێت مافەکانیان پێشێلبکات، ئەوکات مافی گەنجە بە شێوازە جیاوازەکان وەڵامی ئەو دەسەڵاتە بداتەوە، بەڵام پێویستە هەموو نارەزاییەکانی گەنج، هەڵگری داخوازیی راشکاوو بەسوودی چاککردنی خەمەکانی کۆمەڵگا بێت، بەڵام ئەمڕۆ دوو زلحیزبی کوردیت هەیە، کە تەواوی مێژووەکەیان بە توندوتیژی بەسەربردووە، ناتوانێت گوێ بە داخوازیی‌و رەخنەیەکی ئاشتییانەی جەماوەر بدەن".

هەندرێن بۆ دواچارەی گەنجان لە دەرکردنیان لەو قەیرانەی ئەمڕۆ لەسایەی دەسەڵاتی کوردیدا تیایدا دەژین‌و لەبارەی رێگاچارەی سەفەرو کۆچ‌و مەنفا، دەڵێت "سەفەرو هەڵهاتن شێوەیەکی لاواز، یان هەڵبژاردنی رێگایەکی بێئومێدانەی گەنجە بە دژی دەسەڵات،گەج خاوەن توانست‌و تەمەنێکی لەبارە کە بتوانێت لەپێناو بەدیهێنانی مافەکانی درێژە بە خەباتی خۆی بدات، ئێوە دەزانن سەفەر بۆ گەنجی کورد سەختترین رێگایە، چونکە گەنج ناتوانێت بە رێگایەکی دڵنیاو ئایندەیەکی دڵنیا، سەفەربکات، بڕینی ئەو هەموو رێگاو سنوورە سەختانەو گەیشتن بە وڵاتێکی ئەوروپی‌و بێ زانینی زمانێکی ئەوروپییش، خۆی جۆرێك لە بەهەدەردانی تەمەن‌و وزەیەکی زۆری گەنجە، ئەمڕۆ وێڕای سەختبوونی مافی پەنابەریی لە رۆژئاوادا، دەبێت چەندان ساڵ لە چاوەڕێیەکی کوشندەدا بمێنێتەوە، ئەمەش خۆی پرۆسەیەکە لە مەرگ، دواجاریش ئایندەی کورد لە رۆژئاوادا، لەبەر دەیان هۆکردی نەتەوەیی، کولتووری، ئایینی‌و ...هتد، جۆرە نامۆبوونێکی رۆحیی‌و سەرەتای چەوساندنەوەیەکی نوێیە، بۆیە لەجیاتی ئەوەی گەنجی کورد پەنا بۆ رێگای ئەو سەفەرە هات‌و نەهاتە بدات‌و تەمەنی گرنگی خۆی بەو نەهامەتییەوە بەفیڕۆببات، لە وڵات‌و شارەکەی خۆیەوە ژیانێکی ئاسوودە دەستەبەربکات، لە ئەزموونی خۆمەوە تێگەیشتم کاتێك مرۆڤ بە پاشخانێکی هیلاکەوە دێتە وڵاتێکی تەواو جیاواز لە کوردستان، دواجار ئەو ژیانە دەبێتە مێردەزمەیەکی بێدەنگ‌و لە کۆڵی ژیانە نوێیەکەشت نابێتەوە، چونکە مرۆڤ بەرهەمی یادەوەرییەکانی خۆیەتی، بەڵام ئەگەر گەنجێگ خاوەنی خەونی بەهادار بێت، واتا وەك لای زۆرینەی کورد بۆتە باو، پوول‌و پارە نەبێت، سەفەرکردن ئەزموونێکی سوودبەخشە".